# گەشەکردنی وتار لەسەردەمی ئومەویدا ٤١-١٣٢ك

**ياسين حسين محمد[1]،صالح أمين عزيز[2]**
[1,2]بەشی مێژوو ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: yaseen.hmhima2019@uoh.edu.iq

## پوختە

لەم توێژینەوەیە دا باس لە گەشەکردنی وتار لەسەردەمی ئومەوی یەکان دا کر اوە، وتار ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئاراستەکردنی ڕوداوە مێژوويی یەکان دا، کاریگەری یەکی گەورە هەبووە لەسەر هەست و سۆزی جەماوەر، ئەم توێژینەوەمان لە دوو تەوەرە پێکهاتووە: لە تەوەرەی یەکەم دا ئاماژەمان بە چەمکی وتار کردووە لە ڕووەکانی زاراوەو زمانەوانی یەوە ، دواتر باسمان لە چەند پێناسەیەکی جیاوازی وتار و مێژووی سەرهەڵدانی کردووە، تێیدا ئاماژەمان بە ڕۆڵی یۆنانی یەکان کردووە لە دانانی ڕێساو یاساکانی وتار و وتاربێژی دا ، هۆکاری گەشەی وتار لای یۆنانی یەکان و گەشەنەکردنی لای ڕۆمانەکانمان ڕونکردووەتەوە، جۆرەکانی وتارمان دیاریکردووە، دواتر ئاماژەمان بە بایەخدانی عەرەب بەوتار کردووە لە سەردەمی نەفامیدا ، نەبونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بونی ژمارەیەکی زۆر لەخێڵ چی ڕۆڵێکیان هەبووە لە بەرەو پیشبردنی وتاردا ؟ بەهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وتار چووە قۆناغێکی نوێوە، چونکە ئەم ئاینە گرنگی زۆری بە وتار داوە،پەیامبەر (ﷺ) و خەلیفەکانی ڕاشیدین سودیان لێبینیوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی ئاینەکەو ڕونکردنەوەی سیاسەتی دەوڵەتەکەیان. لەتەوەرەی دووەم دا ، ئاماژەیەکمان بە ماوەو سنوری جوگرافی دەولەتی ئومەوی کردووە، هەروەها ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری یەی دەوڵەتەکەی تێکەوتووە ،بووەتە هۆی گەشەسەندنی ژیانی فکری و زانستی ، کۆمەڵێك گروپ دەرکەوتن ، ڕۆڵی سەرەکی یان هەبوو لە بەرەو پیشچوونی وتار لەم سەردەمەدا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرنگترین پێکهاتەو ڕەگەزە سەرەکی یەکانی وتارو گەشەسەندنی لەسەردەمی ئومەوی دا.

**ووشە کلیلییەکان:** ئومەوی، وتار، گەشەکردن.

## الملخص

لقد تناول هذه الدراسة التطور الخطابة في عهد الامويين ، كانت للخطابة دورا مهما في توجيه الأحداث التا ريخية، وله تأثير كبير على احساس ونفسية المجتمع، و يتكون هذه الدراسة من المبحثين ، ففي المبحث الأول تحدثنا عن مصدر الكلمة من الناحية الإصطلاحية واللغو ية ، بعد ذلك تحدثنا عن بعض التعا ريف المختلفة للكلمة وتاريخ ظهوره وفيها تحدثنا عن دور اليونانيين ونمائه، اوضحناه وحددنا نوعية الخطابة و بعد ذلك تحدثنا عن اهتمام العرب بالخطابة في العهد الجاهلي وعدم وجود دولة موحدة ووجود عدد كبير من القبائل واهتمامهم في تقدم الخطابة، وبظهور الدين الإسلامي الحنيف انحى الخطابة منحى جديدا لان هذا الدين اهتم اهتماما كبيرا بالخطابة، كان الرسول...صلى الله عليه وسلم... وخلفائه الراشدين استفادوا منه لإيصال دينيهم وشرح سياسة دولتهم، امافي المبحث الثاني،، تحدثنا عن العهد للدولة الأموية وحدوده الجغرافية مع هذا المناخ السياسي والاجتماعي والاقتصاد ي التي دخلت فيها الدولة الجديدة أصبح وجوده سببا في تطور للحياة الفكرية والعلمية ، ظهرت المجموعة من الفرق والمذاهب لهم دورهم الأساسي في تقدم الخطابة في هذا العهد ،يعد هذا المبحث محاولة لظهور مكوناته وعناصره الرئيسية للخطابة ونمائه في الفترة الأموية

**الكلمات المفتاحية:** الاموية ، الخطابة، التطور

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10453 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٤ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | yaseen.hmhima2019@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ ياسين حسين محمد، پ.ی.د.صالح أمين عزيز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

In this research we´ve mentioned about the development of discourse during the Umayyad s period. The discourse had an important role in directing the historical events and had a great effect on the people emotion .This our research consists of two parts :In first part we have mentioned the concept of discourse linguistically and idiomatically, afterwards we´ve talked about some different definitions of discourse and the history of it´s appearance, we have refered the Greek´s role in putting the priciple and rules of discourse and discourser in it. We have explaned the reason of the development of discourse by Greeks and undeveloped by Romans .We´ve determined the sorts of discourse and then we have mentioned Arabian care attention to discourse during the ignorance period. Non-existend a united government and having lots of tribes what role have they had to improve the discourse?

With coming of holy Islamic religion the discourse entered a new stage, because this religion has given alot of importance to discourse, .Prophet(peace be upon him)and the caliphs of Rashideen had benefited from discourse to deliver the religion messages and explaning the policy of their country. In second part we have indicated the staying and geographical borders of the Umayyad government and then that political ,social and economic circumstance that the government has involved, it´s caused the development of intellectual and scientific life ,groups appeared , they had the main role in development of discourse from this period, this research is an attempt to indicate the most important component and the main elements of discourse ,it´s development during the Umayyad period.

**Keywords:** Umayyad, Discourse, development

## پێشەكی

وتار یەكیكە لەو هونەرە ئەدەبی یانەی كەمرۆڤ هەرلە سەرتاكانی مێژووەوە پیی ئاشنابووە، ئامانجیشی دروست كردنی كاریگەری یە لەسەر بەرانبەرو ڕازیكردنیەتی، پیغەمبەرانیش ( درودی خوایان لەسەر بیت ) لەرێی وتارەوە توانیو یانە بانگەواز بۆ ئەو پەیامە بكەن كە پێ یان سپێرراوە. وتار لەسەردەمی ئومەویدا لەگرنگترین هونەرەكانی ئەوسەردەمەبووە، گەشتە لوتكەی گەشانەوە بەبەراورد بەسەردەمەكانی پیش خۆی، بۆیە دەكرێت وتاری عەرەبی لەم سەردەمەدا وەك نمونەیەكی تەواوی وتار تەماشا بكرێت. بەهۆی شەهید كردنی ئیمامی عوسمانەوە( خوای لی ڕازی بێت)(٢٣ك-٣٥ك) ،بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا تیك چوو، ئاژاوەو ململانێ و ناكۆكی كەوتە نیوان مسوڵمانانەوە ، سەرەتا لەنێوان عەلی٣٥ك-٤٠ و موعاویەدا ٤١ك-٦٠ك( خوا لێ یان ڕازی بێت)،پاشان گروپ و كۆمەڵەكانی تر بەدەركەوتن، خەواریجەكان سەریان هەڵدا عەلی و موعاویەیان بەكافردانا، دەمارگیری خێڵایەتی دوو بارە سەری هەڵدایەوە، دواتر بزوتنەوەی زوبێری دروست بوو داوای پۆستی خیلافەی دەكرد، لەنێوان ئەم ململانی یەدا وتار چەكی دەستی هەموو یان بوو ، وتاربێژان تاقم و گروپەكانیان ئاراستە دەكرد. لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەل و مەرج و ناكۆكی یە سیاسی یانەدا ، وتار ڕێچكەی خۆی گرت و بەردەوام بوو لەگەشە سەندن تا ئەوەی بوو بە گرنگترین بەشی هونەر لەسەردەمی ئومەویدا.

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشكەوتنە بەرچاوەی كە ئومەوی یەكان لە بواری وتاربێژی دا هەیان بوو. ئامانجمان دیاریكردنی جۆرەكانی وتارو ڕونكردنەوەی تایبەتمەندییەكانی رەوتی هونەری یە لە نێو گروپە جیاوازەكانی سەردەمی ئومەویدا. كێشەی توێژینەوەكە بریتی بوو لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:پەرەسەندنی وتار لە سەردەمی ئومەویدا چەندە بە بەراورد بە سەردەمی پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلام؟كاریگەری سەرهەڵدانی گروپ و كۆمەڵە سیاسی یە جۆراوجۆرەكان لە سەردەمی ئومەوییەكاندا چییەلەسەر پەرەسەندنی وتار؟ دیارترین تایبەتمەندییەكانی وتاری ئومەوی چین؟و گرنگترین پێكهێنەرەكانی چین؟

گرنگی توێژینەوەكە،ئاماژەدان بە گرنگیدانی ئومەوی بە ئەدەبی عەرەبی بەگشتی و وتار بەتایبەتی، گرنگی دان بەبەها باڵاكان، ئەمەشیان لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەكانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەرگرتووە. تیشك خستنەسەر گرنگی وتار بەشێوەیەكی گشتی و وتاری سیاسی بەتایبەتی و ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵگادا. لەم توێژینەوەدا پشتمان بە ڕێبازی توێژینەوەیەكی مێژوویی شیكاری بەستوە.ئەم توێژینەوەمان لە دوو تەوەرە پێكهاتووە،لەتەوەرەی یەكەم دا: باس لە چەمكی وتار لەڕوی زمانەوانی و زاراوەوكورتەیەك لەمێژوو و سەرهەڵدانی وتار و جۆرەكانی دەكەین،لەتەوەرەی دووەم دا باس لە گەشەسەندن و هۆكارەكانی گەشەسەندنی وتار دەكەین لە سەردەمی ئومەویدا،لە كۆتایش ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان خراونەتە ڕوو.

بۆ ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە سودمان لە چەندین (سەرچاوەی سەرەكی و سەرچاوەی لاوەكی و نامەی زانستی ) وەرگرتووە .

## گەشەسەندنی وتار لەسەردەمی ئومەوی یەکان دا

### تەوەرەی یەکەم :چەمکی وتار

وتار شێوازێکی ڕونکردنەوەیە. پێویستە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە ژینگە و ژیانی گشتی یەوە هەیە. وتارلەڕوی زمانەوانی یەوە بەرامبەر بە پەیڤی (الخطابة) ی عەرەبی یەو لە پیتەکانی (خ ط ب ) وەرگیراوەو لەفەرهەنگی عەرەبیدا بەچەند مانایەك دێت . ابن منظور دەڵێ : بەمانی ئیش یان کردار دێت (ما خطبك؟ما امرك؟)(ابن منظور،١٤١٤ك،ص٣٦) . الزمخشري دەڵێت:ڕوبەڕو گفتوگۆکردنە بە باشترین شێواز(الزمخشری ،١٩٩٨،ص٢٥٥). لە (المعجم الوسیط)دا بەم شێوەیە باسکراوە وتاربێژی:ڕەوانبێژی یە کە کەسی قسەکەر لەگەڵ خەڵکیدا دەدوێت بۆ باوەڕپێکردنیان(انیس ،٢٠٠٤،ص٢٤٣).

وتاربێژی( الخطابة): بەشێوەیەکی گشتی لای عەرەبە کۆنەکان بەمەبەستی قسەکردن و ووت و وێژو گفتوگۆی نێوان دووکەس یان زیاتر هاتووە(عکاشة،٢٠٠٥،ص١٣٤). ئەمەش زیاتر بەمەبەستی تێگەیاندنی کەسی بەرامبەر بووە(بوقرة،٢٠٠٩،ص١٣). ئەم زاراوەیەش لە چەند شوێنێکی قورئانی پیرۆزدا بەهەمان مانا هاتووە لەوانە: (وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا)(الفرقان:٦٣)،( رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرَّحْمَنِ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا) ( النبأ:٣٧). لە زمانناسیدا ، وتار بۆ دەقێکی نووسراو یان گوتراو بە کار دێت ، کە پتر لە رستەیەك بێت و شیکاری پەیام یان بابەتێك بێت. لە پشت هەر وتارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی ، سیاسی یەوە، بارو دۆخێك هەیە کە هەلوومەرجی هاتنە ئارای بۆ دەرەخسێنێت و خۆیشی‌بەرهەمی‌هەلومەرجێکی‌کۆمەڵایەتی‌ومێژووییە.

وتار زانستی ڕونکردنەوەو ڕەوانبێژی یە، یان هونەری باوەڕپێهێنان و سەرسام کردنی خەڵکە ،چی بە قسە بێت یان بە نوسین، پێناسە گەلێك بۆ وتار کراوە ، لە کۆنترینیان پێناسەکەی ئەرستۆیە، کە دەڵێت:(وتار هێزی باوەڕپێهێنانی مرۆڤەکانە لە هەموو ڕوویەکەوە ) ( طالیس،١٩٨٠،ص٢٩).وتار جۆرێکە لە جۆرەکانی گفتوگۆو ووت و وێژ،پەیوەندی یەکی توندو تۆڵی بەجەماوەرەوە هەیە ، هونەری بینین و خوێندنەوەی جەمارو باوەڕپێهێنانیەتی. جاحظ دەڵێ:وتاربێژی شتێکە لەهەموو نەتەوەکان دا هەیە،گەورەترین پێویستی سەرجەم نەوەکانە(الجاحظ،١٩٩٨،ص١٢).وتارهونەری ڕازاندنەوەو ڕەوانبێژی یە،یان توانای کۆنترۆڵکردنی بیرو باوەڕی جەمارەو ئاراستەکردنیانە بەو ئاراستەیەی کە وتاربێژ مەبەستی یەتی.پشت دەبەستێت بە هێزی بڕوا پێهێنان و جوانی پێشکەش کردن و کاڕ لەسەر هەست و سۆزو عەقڵ و ئیرادەی بیسەر دەکات و لەگەڵ ویژدانییدا دەدوێت . ئیبن سینا لەکتێبی شیفادا دەڵێت : وتاربێژی ، پیشەی گەورەی گەلان و پێغەمبەران و زانایان و پاشایان و گەورە سیاسی یەکانە(ابن سینا،١٩٥٨،ص٣٧) . زج زجلر دەڵێ : بمانەوێت یان نا، ئەوانەی لە بەرامبەر خەڵکدا بە باشی قسە دەکەن، لەلایەن کەسانی ترەوە بە زیرەکتر دادەنرێن و کارامەیی سەرکردایەتییان هەیەو لە کەسانی تر جیاوازن(السویدان،٢٠٠٤،ص٢١). ئەفلاتۆن دەڵێت: وتاربێژی، والەو کەسانە دەکات کەلێهاتوون لە قسەدا و قسەکانیان دەربڕی بیریانە. بەکەسانی بەهێز دێنەپێش چاو ، ئەم بەهێزی یە یان لە وتاردا پشتیوانیان لیدەکات خەڵك ێ یان سەرسام ببن ، هەرئەمەش وا لە سیاسی یەکان دەکات بگەنە دەسەڵات. ( طالیس،١٩٨٠،ص١٥)

ئیبن ڕوشد دەڵێ:وتاربێژی هەوڵی ڕازیکردنە،هەرکەسێك یان هەر ڕەگەزێك ئەنجامی بدات(ابن رشد،١٩٦٧،ص٢٩) .بە بۆچونی احمد محمد الحوفی : وتاربێژی زۆر لەوە فراوانترە کەسنورداربکرێت لە(ڕازیکردن ) دا ، مەرج نیە جەماوەر تەنها بینەر یان بیسەر بیت ، چونکە وتار هونەرێکە لە هونەرەکانی نوسین ، مەرج نیە جەماوەریش ڕازی بکات ، بەڵکو پێویستە ووارێژ ڕای خۆی بخاتەڕوو ، بەجوانی ڕونی بکاتەوەو بەبەڵگەی پێویست پشتیوانی لە ڕاکەی خۆی بکات. لەم کاتەدا جەماوەر ئازادە ڕاکەی وەردەگرێت یان ڕەدی دەکاتەوە ،هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات باشترین وتاربێژ ئەو کەسەیە لەماوەیەکی کەم دا پەیامەکەی بگەیەنێت چونکە بیسەران بێزار دەبن ئەگەر وتارەکە درێژبێت . (الحوفی،ب.س،ص٥-٦)

### جۆرەکانی وتار

بەشێوەیەکی گشتی وتار شەش جۆرە کە بریتین لە :( سیاسی ، دادوەری ، سەربازی ،ئاهەنگ ، ئاینی ، زانستی ) ( محفوظ،١٩٨٤،ص٦٩).

### وتاری سیاسی :

ئەم جۆرە وتارانە باسی بابەتی سیاسی دەکەن، وەك سیستمی فەرمانڕەوایی ، کاروباری ناوخۆیی و دەرەکی وولات ، پەیوەستە بە ڕێکخستنی دارایی و کشتوکاڵ و خوێندن و یاسا و دانیشتنەکانی پەرلەمان و هەڵبژاردن و ....هتد لەناو عەرەب دا ئەم جۆرەیان کاتێك گەشەی سەند کە دەمارگیری هۆزایەتی لەنیوان بنەمالەی هاشمی و بنەماڵەی ئومەییەو گروپ و تاقمەکانی تردا پەرەی سەند. ) النص،١٩٦٥،ص٩٠).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### وتاری دادوەری :
مەبەست لێی ئەو وتارەیە کە لە دادگادا پێشکەش دەکرێت لەلایەن داواکاری گشتی یان پارێزەرانەوە ،تیایدا کێشە هەڵواسراوەکان یەکلایی دەکرێنەوە و ڕاستی و نا ڕاستی دەردەکەوێت.( نواب الدين،١٩٩٢،ص٤٧).

### وتاری سەربازی :
زۆربەی ئەم وتارانە لەلایەن سەرکردە سەربازی یەکانەوە ئاراستەی سوپا دەکریت و هانیان دەدەن بۆ جەنگ ، لەنمونەی ئەم وتارانەش، وتارەکەی طارق کوری زیادە لە فتحی ئەندەلوس و وتارەکەی ناپلیۆنە لەکاتی هەڵمەتەکەی بۆ سەر ئیتالیا.( فياض،٢٠١٢،ص٣٩) .

### وتاری ئاینی :
ئەم جۆرە وتارانە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی یە بۆ ئەنجام دانی بەندایەتی . ئەم شێوازە لە ڕۆژاوا سەری هەڵ نەدا تا دوای دەرکەوتنی مەسیح (سەلامی خوای لێبێت ) ، لای عەرەبەکانیش پاش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەرکەوت ، وتارەکانی ڕۆژانی هەینی و جەژنەکان و مەراسیمی حەج و بۆنە ئاینی یەکانی لە خۆ دەگرت . ئەم جۆرەی وتار زۆرترین کاریگەری لەسەر بیسەران  هەبووە.( ابا علال،٢٠١٧،ص٩٦).

### وتاری ئاهەنگ ( الخطابة الحفلية ) :
ئەم وتارانە لە بۆنەو ئاهەنگەکان دا پێشکەش دەکران . وەك ئاهەنگی ڕیزلینان و پیرۆزبایی و ئاشتەوایی و هاوسەرگیری و وتارەکانی شانازی کردن بە هۆز و بنە ماڵەو دانانی کاربەدەستان و والی یەکان . ...هتد ئەم شێوازەیان لە زووەوە لەناو عەرەب دا بلاو بو بویەوە  .(اباعلال، ٢٠١٦-٢٠١٧ ،ص٩٦).

### وتاری زانستی :
ئەم جۆرەیان کەمترین ڕەوانبێژی تیدا بەکاردێت و کارناکاتە سەر هەستی بیسەرانی ، لەم جۆرەدا ووشەی زانستی بەکاردێت و باسی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەکارێت و بەدوای ڕاستی یە زانستی یەکانەوەیە. ( فياض،٢٠١٢،ص٩٩).

## مێژووی وتار
وتار کۆنەو مێژوویەکی دورو درێژی هەیە ، خوای گەورە مرۆڤی وا دروست کردووە لە ناخیدا توانای دەربڕینی بۆچونەکانی هەبێت ، هەوڵی باوەڕپێهێنانی کەسانی تریش بدات. مێژووی وتاربێژی لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتی زۆر نزیکن لەیەکەوە ، مرۆڤەکان کاتێك جیاوازی دەکەوێتە نێوانیان لە بیرو بۆچونیان دا ، ئەم جیاوازی یە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ گفتوگۆو موناقەشە و هەوڵدانی هەندێکیان بۆ ڕازیکردنی هەندێکی تریان ، ئەم ڕوداوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە سەرەتای مێژووی وتاربێژی.( حسين،٢٠١٦،ص٤١) ڕوداوە مێژوویی یەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کە وتارهەرلەسەرەتای نوسینەوەی مێژووەوە هەبووە ، بۆنمونەلە دۆزینەوە شوێنەواری یەکانی میصردا ، وتاری پاشایان و پیاوانی ئاینی بە ڕێنوسی هێرۆگلیفی نوسراوە ،ئاشوری یەکان وتاریان بەزمانی بزماری نوسیوە . نامە ئاسمانی یەکان وتاری زۆرێك لە پەیامبەرانیان بۆ تۆمار کردووین . پێغەمبەران ( سەلامی خوایان لێبێت) ، لەبەرزترین پلەی وتاربێژاندا بوون ، هەوڵیان داوە باوەڕ بەخەڵکی بێنن بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنها و جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان(اباعلال،٢٠٢١،ص٣٢) .
لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمانەکۆنەکاندا ، وتاربێژی پەرەی سەندووە، لە یۆنان پاش دەرکەوتنی دەوڵەتەشارەکان و ململانێی سیاسی و ڕودانی جەنگ لە نێوانیاندا ،یەکێك لەلایەنە هەرەدیارو گرنگەکانی نێو ئەو ململانێ یە وتاربووە. دەوڵەتی یۆنان ماوەیەکی زۆری  لە کێشەوململانێی هۆزو بنەماڵەکان دا بەسەربرد،چەند سەدەیەکی خایاند تا ئەم هۆزانە لێك نزیك بوونەوەو یەکیان گرت . مێژوو گەلێك ڕوداو و شەڕی دورو درێژی تۆمارکردووە لە دیارترینیان ململانێی نێوان ئەسیناو سپارتا بوو، شەڕی نێوان ئەم دوانە بەردەوام بوو تا ٤٠٤ پ.ز بە تەسلیم بوونی ئەسیناو کۆنترۆڵکردنی هەموو یۆنان لەلایەن سپارتاوە کۆتایی هات . وتاربێژی هەمیشە لەڕۆژانی شەڕدا گەشەی سەندووە و بەهێزبووە ، شەڕی یۆنانی لەزۆربەی حاڵەتەکان دا پشتی بە وتار بەستبوو(شلبی،١٩٨١،ص١٤٣) . کاتێك دیموکراتی باڵی کێشا بەسەریۆنان داو ئازادی سیاسی بڵاو بویەوە ، وتاربێژی و شیعر گەشەی سەند ، مامۆستا پەیدابوو خوێندکارانیان فێری وتارو موناقەشە دەکرد، سۆفستائی یەکان بەدەرکەوتن ،ڕاهێنانیان لەسەر ووت و وێژ و گفتوگۆ دەکرد،لەسەدەی دەیەمی پێش زاین دا لە ئیلیادەدا هۆمیرۆس ژمارەیەکی زۆر وتاری لەسەر زاری خواوەندەکان و پاڵەوانەکانەوە باس کردووە (محمد،٢٠١٦،ص٣٧).
ئەرستۆ سەرجەم یاساو ڕێساکانی وتاربێژی لە پەرتوکێکدا نوسی یەوە بەناوی (وتاربێژی)، لەوساتەوە وتاربێژی بوو بە هونەرێکی مەزن و باڵا . یەکەمین کەسانێك کە وتاریان نوسیوە یۆنانی یەکان بوون ، بەڵکو ئەوان ڕێساو یاساکانی وتاربێژی یان داناوە ، ئارەزوی وتاربێژی لەسەردەمی ( بیرکلیس سەدەی ٥ پ.ز ) دا پەرەی سەند ، ووشەی جوان و پرمانا زۆر بەکاردەهات ، پێشبڕکێی وتاربێژی هاتە کایەوە،  فێربونی وتاربێژی و ڕاهێنان کردن لەسەر پێشکەشکردنی وتار لە دیارترین چالاکی یەکانی ئەم سەردەمەبوو ، لەسەر ئەمەش زانایان ڕێساو یاساکانی ڕەوانبێژی یان هەڵگۆزی و ئەو تێبینی یانەیان دەنوسی کە لەڕیگەیەوە وتار کاریگەری دەبێت وئەو هۆکارانەشیان دیاری دەکرد  کە دەبێتە هۆی شکست هێنانی(ابا علال،٢٠٢١،ص٣٢).
وتاربێژی لای ڕۆمانەکان زۆر دوای یۆنانەکان بەدەرکەوت، وتار گەشە ناکات لە ژێر خۆری ئازادیدا نەبێت، لەسایەی دەسەڵاتی ڕۆمانی دا ئازادی پێویست نەبووە . کۆمەڵێك حاڵەتی مەزن تیایدا ڕویدا  ڕێخۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدان و  دەرکەوتنی وتار و وتاربێژی ، وەك ئەزمەو نارەحەتی پێداویستی یەکانی ژیان . سەرەتای دەرکەوتنی وتاربێژی  دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی پ.ز بەڵام بەلاوازی دەستی پیکرد بەهۆی سنورداری ئازادی یەوە ، کاتێك ئەدەبی یۆنانی لەناویان دا بڵاوبویەوە ، لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیدا، ململانێ یەکی توند لەنێوان گەل و چینی فەرمانڕەوادا دروست بوو. لەم کاتەدا وتاربێژی ڕۆمانی گە شەی سەند.( ديورانت،١٩٨٨،ص٢٠٠) ،لەسەردەمی مەسیحی یەت دا

وتاری ئاینی دەرکەوت ، بەڵام لەبەرئەوەی مەسیحی یەت لەژێر فشاردابوو ، وتارەکەشی کپ دەکرایەوە،لەدوای پێغەمبەر مەسیحیشەوە (سەلامی خوای لێبێت) ، حەواری یەکان گەورەی وتاربێژانی ئاینی بوون ،لەدوای ئەوانیش پیاوانی ئاینی و ئەسقوف و قەشەو ڕوهبانەکان بوون. لەسەدەی دووەمی زایینیدا گرنگی وتاربێژی گۆڕا بۆ لایەنی ئاینی ، ململانێ یەکی توند لەنێوان بت پەرستان و مەسیحی یەکان دا دروست بوو . وتاربێژانێك دەرکەوتن بەرگریان لەم ئاینە نوێ یە دەکردو بانگەوازیان بۆ دەکرد ، تا وای لێهات مەسیحی یەت لە بت پەرستی زیاتر بڵاو بویەوە ، پاشان هێزی دیکتاتۆریەت گەڕایەوە ،وتاربێژی سنوردارکرایەوەو گەڕایەوە سەردەمی سەرەتای ڕۆمانی(ابو زهرة،١٩٣٤،ص٦.)
عەرەبەکانیش پشکی گەورەیان بەرکەوتووە لە وتاربێژی دا ، بارو دۆخی ژیان و کەش و هەوای ژینگەکەیان ڕۆڵی سەرەکی هەبووە ، لە بونی ئەم پشکە ، سەبارەت بە پێگەی عەرەب لە وتاربێژیدا ، زۆرێك لە نوسەران پێ یان وایە عەرەب لە پلەی یەکەم دایە لە وتاربێژیدا ، هەروەك جاحظ ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ : ئەم پێشەنگ بونەی بە هۆی زمانەکەیانەوەیە(جاحظ،١٩٩٨،ص٩-١٠). محمد ابو زهرة پێی وایە ئەگەر عەرەب لەپلەی یەکەمی وتاربێژی دا بێت بەهۆی ناسکی و جوانی زمانەکەیانەوە بووە ، نەك بونیادنەری بووبێتن، عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا خاوەنی زمان پاراوی و ڕەوانبێژی بوون، وتاربێژی بەندبوو لەسەر ئەوبارو دۆخانەی بۆیان دەهاتە پێش و وەڵامدەرەوەی داخوازی سەردەمەکەیان بوو(ابو زهرة،١٩٣٤،ص٦). دەکرێت بڵێین: ئەوبەهێزی یەی وتاری عەرەب هەیبوو لەسەردەمی نەفامیدا بۆ بەهێزی زمانەکەیان و هێزی لیدوان و لۆژیکی باش و ووشەی سەرسوڕهێنەر کەلە سروشتی عەرەبەکان دا هەبووە دەگەڕێتەوە(المری ،٢٠١٢،ص١٧).
عەرەبەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی لە چەند هۆزێکی جیاواز پێك هاتبوون ، هەریەك لەم هۆزانە گەورەو سەرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەبووە ،حکومەتێك نەبووە پێکەوە کۆیان بکاتەوە، ململانێ و ناکۆکی و شەڕ لەنێوان ئەم هۆزانەدا زۆربوون ، بەهەمان شێوە وەفد(شاند) و بەشداری پرسەو ئاشتەوایی لەنێوانیان دا هەبووە،هەروەها ڕاوێژو ووت و وێژ لە نێوانیاندا هەبووە، سەرەڕای ئەمانەش دۆخی عەرەب و سروشتی ژینگەکەیان هاندەرێکی باش بوو بۆ وتاربێژی(شلبی،١٩٨١،ص٤٦) . وتاربێژی لەم سەردەمەدا بە بەرگری لە نەفس و ماڵ وناموس و شانازیکردن بە هۆزو خێڵەوە بەناوبانگ بوو. لەم قۆناغەدا شیعر بەبێ وتار ئەستەم بوو ،هەموو هۆزە ناودارەکان وتاربێژی تایبەت بە خۆیان هەبوو، هەروەك چۆن شاعیری تایبەتیان هەبوو ، لەسەردەمی نەفامیدا پێگەی شاعیر بەرزتربووە لەپێگەی وتاربێژ. کاری ئەمانە زیاتر لەکاتی هاندان بۆ شەڕ ،ناوبژی،ئاشتەوایی و بژاردنی خوێن، وەفا بۆ پاشایان و کار بەدەستان دا بەدەردەکەوتن . ووتەکانی وتاربێژان هەست و سۆزی خەڵکانی دەوروژاندو بەو ئاراستەیە دەیبردن کە کاربەدەستان دەیانویست(ضیف،١٩٨٣،ص٢٨) . عەرەبەکان لەسەردەمی نەفامیداخاوەنی گەلێك وتاربێژی بەهێزبوون ، لە کاتە گرنگەکاندا پشتیان پێدەبەستن وەك لە کۆبونەوەکان و بانگەوازی شەڕو ئاشتەوایی نێوان بەشەڕهاتووەکان دا ، وتاربێژان لە بازارەکان و ئاهەنگەکان و لەگەڵ شاندی پاشاو کاربەدەستەکان دا وتاریان دەخوێندەوە. نەریتیان وابوو وتاربێژ بەپێوە دەوەستا لەسەر مینبەر یان تەپۆڵکەیەك یان لەسەر پشتی ئاژەڵێك ، بۆئەوەی دەنگیان دوورتر بڕوات ، پێویست بوو،عەصا یان کەوانی بەدەستەوە بێت و بەیەکێك لەوانە ئاماژە بە گەورەیی و گرنگی مەبەستەکەی بکات،کەسایەتیان کاریگەرتربێت و ڕوی دەم و چاوو جوڵەی جەستەو دەستەکانیان دیار بێت . باش وابوو جل و بەرگیان خاوێن بێت، عەمامەو کەمەربەند ببەستن ،ئەو ووتانەی دەیڵێن خۆیان لەپێش خەڵکی یەوە جێبەجێ بکەن(شلبی،١٩٨١،ص١٦٦).

## هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وتار لای عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ :

١– بونی ئەو ئازادی یەی کەلەناو عەرەبداهەبووە.
٢ – لێهاتوویان لە بەکارهێنانی ووشەکان و گونجاوی زمانەکەیان.
٣ – تواناو لێهاتوویان بۆ ڕووبەڕوبونەوەیان لە بارو دۆخە دژوارەکان ، لەم کاتانەدا تەعبیری جوان دەهاتە سەرزمانیان .
٤ – حەزو ئارەزویان بۆ شەڕو کوشتار . لە نەفامیدا هۆزەکان گەورەبونایە یان بچوك ئارەزوی شەڕو کوشتاریان هەبووە(خان،١٩٨١،ص١١).
بەهاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، وتار لە پێگەیەکی بەرزتردا بەدەرکەوت، لەم سەردەمەدا وتار ئاراستەی کۆمەڵگا دەکرا ، ووتەکانی ئەم سەردەمە ئاراستەی عەقڵ دەکرا ، جیاواز لە پێشووتر کە هەست و سۆزی دەبزواند . دەکرێت بڵێین: ئەوبەهێزی یەی وتاری عەرەب هەیبوو لەسەردەمی نەفامیدا بۆ بەهێزی زمانەکەیان و هێزی لیدوان و لۆژیکی باش و ووشەی سەرسوڕهێنەر کەلە سروشتی عەرەبەکان دا هەبووە دەگەڕێتەوە ،ئیسلام ئەم سروشتەی عەرەبی پوختەکرد و دوری خستنەوە لە بت پەرستی و هاوبەش پەیداکردن و ئارەزوی خراپەو بێرەوشتی ، کردنی بە کەسانێکی بەهێزو چاکەخواز (ضیف،١٩٦٣،ص١٠٦).
وتاری ئیسلامی لە شانازی بەنەسەبەوە گۆڕا بۆ بانگەواز بۆ شوێنی یەك ئاین کەوتن و یەکسان بوونی مرۆڤەکان، سەرچاوەی سەرەکی وتاری ئیسلامی قورئان و فەرمودەیە، سەرەڕای ئەوەی بانگیان دەکات بۆ بەندایەتی داواشیان لێدەکات دووربکەونەوە لە کارە خراپەکان،قۆناغی وتاربێژی ئیسلامی بە هاتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەستی پێکرد،یەکەم حاڵەتی وەستانی وەك وتاربێژ ،دوای دابەزینی ئەم ئایەتەبوو: (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ) (الحجر:٩٤). دەرکەوتنی ئیسلام و بانگەواز کردن بۆ بنەماکانی ، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ژیانی عەرەب،چونکەدەبوایە وازیان لە بت پەرستی بهێنایە و خوای تاك و تەنهایان بپەرستایە. ئەمەش پێچەوانەی ژیانی ئاسایی و داب و نەریتی پێشوویان بوو . ئیسلام جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگای نە هێشت و بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە هەموو مسوڵمانان بران، هەموان یەکسانن بەرامبەر بە مافەگشتی یەکان ، هەروەها داوێن پیسی و شەراب خواردنەوەی حەرام کرد، هەربەوەوە نەوەستا هەجو و شکاندنی حەرام کردوو وەسفی زۆر و نا واقیعیشی بە خراپ دانا(المری،٢٠١٢،ص٢١) .
وتاربێژی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لەگەیاندنی پەیامەکە و ڕونکردنەوەی بنەماکانیدا ، ئەمەش هۆکارێکی بەهێزبوو بۆ گەشەسەندنی وتار لەم سەردەمەدا.
هەندێ داب و نەریت لە وتاردان دالە پێش ئیسلام دا هەبوو ، پاش هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو ، وەك پشت بەستنی وتار بێژ بە عەصا ، پیشکەشکردنی وتار لە شوێنێکی بەرزدا ، یان لەسەر ئاژەڵ وەك پێغەمبەر(ﷺ) لە وتاری ماڵئاوایدا.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وتاریێژی لە ئیسلام دا هەندێ داهێنان ودەسكەوتی هەبووكەپێش تر نەبووە ، وەك دەسپێكی وتار بە سوپاسی خواو درود ناردن بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) شایەتومان و باسكردنی ئایەتێكی قورئان و فەرمودەیەك، پابەند بوون بە ئاداب و ڕێساو یاساكانی ئیسلامەوە، فەرامۆشكردنی هەندی مەبەست كەلەسەردەمی نەفامیدا باوبووە، وەك سەرلێشێواندن و شانازی بە ڕەچەڵەك و دەمارگیری یەوە(الحوفی،ب.س،ص٢٠٤).
پێغەمبەر (ﷺ) باشترین وتاریێژی هەموو عەرەب بووە،وتاری بۆ قورەیش دەداو بانگی دەكردن بۆ ئاینی یەكتا پەرستی . پاش كۆچكردنی بۆ مەدینە وتاری هەینی واجبكرا،ئەمەش واتە مسوڵمانان لانی كەم هەفتەی جارێك گوێ لەوتار دەگرن.
خەلیفەكان وتاریان وەك ئامرازێكی گەیاندن بەكاردەهێنا،لەرێ یەوە سیاسەتی دەوڵەتیان روون دەكردەوە(الهاشمی،ب.س،ص١٠٨). لەم سەردەمەدا وتاری ئاینی گەشەی سەند و دووركەوتەوە لە(سەجع وخۆهەڵكێشان)،لەگەڵ زۆربونی پرۆسەی فتوحاتدا،وتاری سەربازی دەركەوت.دوای شەهیدكردنی عوسمانی كوری عەفان(خوای لێ ڕازی بێت) وتاری سیاسی دەركەوت . وتاری ئیسلامی بەدەستەواژەیەكی دیار یان نزاو پارانەوەیەك كۆتایی پێدەهات وەك ( اقول قولی هذا واستغفرالله لی ولكم) یان ( قوموا الی صلاتكم یرحمكم الله.)(خان،١٩٨١،ص٦٢)
تەوەرەی دووەم :گەشەسەندنی وتارلەسەردەمی ئومەوی دا
سەردەمی ئومەوی كەمتر لەسەدەیەك بووە،بەڵام كۆمەڵێك ڕوداوی زۆر گەورە تیایدا ڕویداوە، لەڕوی فراوانخوازی یەوە سنورەكانی فراوان بووە بۆ سنوری نێوان چین و هند لە رۆژهەڵاتەوە، بۆ فەرەنسا لەڕۆژاواوە ،كەشتی گەلی بیزەنطی یان تێكشكاندو گەشتنە دەریای سپی ناوەڕاست،ئەمە لەكاتێكدا لە ناوخۆی خۆیدا لەشەڕێكی گەورەدابوو لەگەڵ نەیارەكانی وەك (خەواریج،شیعە،موالی،ئەقبات،....هتد)،ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەتەمەنی گەنجێتیدا بووە، بانگەوازی عەباسی دەستی پێكردووە. سەرەڕای ئەمانە دەتوانین بڵێین وتار گەورەترین كاریگەری هەبوو لە دژی ئومەوی یەكان و بە خراپ ناساندنیان.
لەگەڵ تەشەنەكردنی وتاری پڕوپاگەندەی سیاسی دژی ئومەوی یەكان ، ئەوان دیبەیت ورویەڕوبونەوە(المناظرة)یان وەك گەورەترین چەك بەكار هینا بۆ چارەسەری كیشەكان(الفاخوری،١٩٨٦،ص٣٢٠) . لەم سەردەمەدا باشترین هۆكارێك بۆ بڕوا پێهێنان و بەڵگە هێنانەوە تەنها وتارو ووتو وێژو كۆڕو ڕوبەڕوبونەوە بووە.
ئومەوی یەكان لەماوەی (٤١-١٣٢ك،٦٦١-٧٥٠ز )فەرمانڕەوایی یان كرد،لەڕوی سیاسی یەوە لەم سەردەمەدا ململانێ لەسەر پۆستی خیلافەت دروست بوو، دوای شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان (خوای لێڕازی بێت)ئیمامی عەلی(خوای لێ ڕازی بێت) بوو بە خەلیفە،دەنگی نارەزایی بەرزبویەوەو تانەیان لە خەلیفایەتی ئیمامی عەلی دا و داوای ڕاوێژیان دەكرد ،عائیشەو طلحە و زبیر،(خوایان لێ ڕازی بێت ) لە یەكەمەكانی نارازی یەكان بوون و داوای خوێنی عوسمانیان دەكرد . ئیمامی عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) لە بەصرەلە وتارێكیدا ووتی:من ڕام وایە پەلەنەكەین تا بكوژی عوسمان دەدۆزینەوە ، پاشان دەگەڕێینەوە سەر ڕاوێژ وەك ئەوەی كە عومەری كوری خەتاب ئەنجامیدا( خوای لێ ڕازی بیت)( العزام،٢٠٠٢،ص٤). لەلایەكی تریشەوە موعاویەی كوری ئەبو سوفیان لە شام بەیعەتی بە خیلافەتی عەلی نەدا، داوای تۆڵەی خوێنی عوسمانی دەكرد، لە ووتەیەكیدا ووتی : ئەی خەڵكی شام ئێوە دەزانن كە من والی بووم لەسەردەمی خیلافەتی عومەری كوری خەتاب و عوسمانی كوری عەفان دا ،دەزانن كە عوسمان ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە ستەم كوژرا، خوای گەورەش لە كتیبەكەیدا دەفەرمویت : (وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا ) (الاسراء:٣٣).واتە (ئەوەی بەستەم دەكوژرێت ،ئێمە ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیكەكانی تۆڵەی بسێنن).
هەندێك لە شارەزایانی شام لەوانە ئەبو موسلیمی خەولانی داوای هۆكاری شەڕی موعاویەیان كرد دژبە عەلی،لەكاتێكدا عەلی لە پێشترە بۆ بون بە خەلیفە، موعاویە لە وەڵامدا ووتی: سوێند بەخوا دەزانم عەلی لەمن بەرێزترە،لەمن شایستەترە بۆئەم كارە،بەڵام ئایا عوسمان بەستەم نەكوژراوە؟دەی من كوڕەمامی ئەوم ،جەنگی من تەنها بۆ داوای خوێنی عوسمان و بەدەستەوەدانی بكوژانیەتی( الذهبی،١٩٨٥،ص٢٦٢).
ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی،وتاری ئیسلامی دابەش ببێت بۆ دووبەرەی گەورەوە، یەكەمیان:عێراقی،عەلی كوری ئەبوتالب(خوای لێڕازی بێت)،سەركردەی وتاریێژان و زمان پاراوترینیان بوو.دووەمیان:شامی،موعاویەی كوری ئەبوسوفیان سەركردەی ئەم رەوتەیان بوو. بیرو بۆچونی جیاوازی نێوان لایەن و دەستە جیاوازەكانی ئەم سەردەمە بووە هۆی دروست بونی فیتنەو ئاژاوەو شەڕی ناوخۆیی ،دواتر شەڕی سەفین وروداوی ناوبژی( التحكیم) و دروستبونی خەواریجی لێكەوتەوە(ضاعن،٢٠١٦،ص٣٧) ، ئیتر لێرەوە ژمارەیەكی زۆر گروپ و تاقم و حیزبی سیاسی ئۆپۆزسیۆن دروست بوون،دوای كوژرانی حسینی كوری عەلی (خوا لێ یان ڕازی بێت) شیعە دەركەوتن، پاشان زوبێری یەكان و لایەنگرانی عبدالرحمن ی كوری ئەشعەس،لایەنگرانی موختاری سەقەفی،موالی،ئەقبات،....هتد دەركەوتن. ئەم حیزب و گروپانە تەنها بەشمشێر ڕوبەروی بنەماڵەی ئومەییە نەبونەوە ، بەڵكو بەوتاریش ڕوبەڕویان بونەوە،ئەم سەردەمە پێی دەوترێت سەردەمی زێرینی وتاریێژی ، ئەم لایەنانە خەڵكی یان هان دەدا دژی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیەو چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین دژیان بەرپابوو(ضاعن، ٢٠١٦، ص٦٥). وتاریێژان بە ئاراستەی ڕەوتەكانی خۆیان لێكدانەوەیان بۆ ئایەتەكانی قورئان و فەرمودەكانی پەیامبەر دەكرد (ﷺ).
لەسەردەمی ئومەویدا بۆ یەكەمینجار زانستەكان بەزمانی عەرەبی نوسرانەوە ، هەر لەم سەردەمەدا زمانی عەرەبی كرا بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت ، دەوڵەتی ئومەوی فران بوو ژمارەیەك نەتەوەی جیاواز مسوڵمان بون و ئاشنا بوون بە شارستانیەتی ئیسلامی و خۆشیان خاوەنی شارستانیەتی تایبەت بەخۆیان بوون . زانست و زانیاری لەم سەردەمەدا پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بزوتنەوەی زانستی لەم سەردەمەدا بۆ چوار بزوتنەوەی زانستی دابەشب بوو ئەوانیش : (ئاینی ، مێژوویی، ئەدەبی ، فەلسەفی) . كاربە دەستانی ئومەوی زیاتر ئارەزویان بەلای لایەنە ئاینی و ئەدەبی یەكان دا دەچوو بەتایبەتی شیعر و وتار و چیرۆك، چالاكی یە عەقلی یەكانیش لە كوفەو بەصرەدا چڕكرابویەوە، هۆكاری بیری (عقلی) یەكێكی دیكەبوو لە پاڵنەرەكانی گەشەی وتار لەم سەردەمەدا،ڕونە كە ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە تەنها هی عەرەب نەبوو، بەڵكو موالی یەكان بەشداربوویەكی سەرەكی لە كلتورو شارستانیەتی ئەم سەردەمەبوون(امین،٢٠١٦،ص١٦١). سوودوەرگرتن لە ڕۆشنبیری گەلانی تر بووە هۆی ڕاپەڕینێكی مەزن لە وتاری ئومەویدا ،تەنانەت لە بازاڕو كۆڵان و مزگەوت و شوێنەكانی تریش دا موناقەشەو جەدەلی ئاینی و سیاسی دەكرا، جاحظ ئەمەی ناوناوە هونەری وتاریێژی عەرەب(جاحظ،١٩٩٨،ص٢٤٣).
هەموو شارێكی ئیسلامی خاوەنی ناوەندێكی ئاینی بوو، لەم ناوەندانانەدا گفتوگۆی بابەتە سیاسی و دینی یەكان دەكرا،زانایان بابەتە جیاوازەكانیان بە بیرو باوەڕی خۆیان لێكدەدایەوە، لەئەنجامی ئەمەش گفتوگۆو ووتووێژ دروست دەبوو،بەتایبەتی بابەتەكانی قەدەر و

ئیرادەی مرۆڤەکان و سنوری ئازادیان لەباوەڕدا و گفت و گۆکردن دەربارەی سیفەتەکانی خوای گەورە، گروپەکانی جەبری و قەدەری و مورجیئە سەریان هەڵ دا و لەئەنجامی ئەمەش دیبەیت و مونازەرە سەری هەڵدا کەبەشێکە لە وتار(ضیف،١٩٨٣،ص٦٥).
لەدەرەنجامی ئەمەشدا چەند جۆرێکی وتاربێژی سەریهەڵدا،کەهەڵقوڵاوو پێویستی ئەو بارودۆخەبوو، ئەوانیش

## وتاری سیاسی و جەنگی:

وتاری سیاسی پێگەیەکی مەزن وکاریگەری یەکی گەورەی لە مێژووی عەرەب دا هەیە. سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی لەم سەردەمەدا دۆخێکی نائارامی سیاسی هەبوو بەتایبەتی سەرەتای دەسەڵاتیان ، ململانێ یەکی توند لەنێوان بنەماڵەی ئومەوی یەکان و ئەوانی دیکەدا هەبووە، جا چ لەڕوی سەربازی یەوە بێت،یان لەڕوی زمان و وتارەوە بێت،ململانێی هۆزگەرایی و ململانێ ی نێوان عەرەب و عەجەم و...هتد. لەم ململانێ یەدا وتار چەکی دەستی هەموویان بوو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان و تاوانبارکردنی لایەنی بەرانبەریان،لەئەنجامی ئەم ڕوداوانە وتاری سیاسی گەشایەوە،گەشانەوەیەك کە هەرگیز لە هیچ سەردەمێکی تردا نەبووە(ضاعن،٢٠١٦،ص٣٣).ئەمەش بەهۆی دەربڕینی ئەو بیرو بۆچونە جیاوازانە بووکە تاقم وگروپەکان هەیان بوو سەبارەت بە پۆستی خیلافەت ، ئارەزوو تێکۆشانیان بۆ گەشتن بەو پۆستە،وتاربێژی سیاسی باسی شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کارو باری دەوڵەتی دەکرد،هەروەها ژمارەیەکی زۆر دیبەیتی سیاسی لەنێوان کاربەدەستان و خەلیفەکانی ئومەوی و سەرکردەکانی ئەم تاقم و گروپانە ئەنجام درا ،تیایدا وتاربێژانی بنەماڵەی ئومەوی بە وتارەکانیان ڕوبەڕویان وەستانەوەو داوای گوێڕایەڵی و پابەند بونیان دەکرد ، هەندیك جار بە خۆشی و هەندێك جاریش بەترساندن و بەکارهێنانی هەڕەشە،داوایان دەکرد پابەندی بڕیارەکانی ئومەوی یەکان بن چونکە ئەوان خاوەن مافی خیلافەتن ، ئەوان خاوەن خوێنی عوسمانن(٢٣ك-٣٥ك)، ئەم شیوازە بەردەوام بوو تا کۆتایی ئومەوی و سەرەتای عەباسی ، ئەم شیوازە لە لایەن موعایەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە (٤١ك-٦٠ك) داهێنراو خەلیفەکانی دواتریش لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام بوون(شلبی،١٩٨١،ص٢٥٤)، لە نمونەی ئەمەش وەك وتارەکەی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە مەدینە کەبە وتارێکی سیاسی ڕووت دادەنرێت،تیایدا زۆر بەنەرمونیانی لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا دەدوێت.هەروەها دەڵێت ئەگەر لەنێوان من و خەڵکیدا تاڵە مویەك هەبێت ناهێڵم بپچڕێت، هەروەها موعاویە لەنوسراوێکیدا بۆ زیاد بن ابیە نوسیویەتی:نابێت بەیەك شێواز سیاسەت لەگەڵ خەڵکیدا بکەین ، نابێت لەگەڵ هەمواندا نەرم بین، چونکە هەموان دەست دەکەن بە سەرپێچی ، نابێت لەگەڵ هەموان دا توند بین چونکە هەموان بەرەو لەناوبردن دەبەین ، ئەگەر تۆ توند و دڵ ڕەق بیت لەگەڵیان دەبێت من میهرەبان وبەسۆزبم (الاندلسی،١٩٩٤،ص٨٦). وتاری بەتراء واتە کورت بڕی (الخطبة البتراء) ی زیاد بن ابیە (٥٣ك) نمونەیەکە لە وتاری سیاسی سەردەمی ئومەوی، زیاد بانگەوازی بۆ بنەماڵەی ئومەوی دەکردو هەوڵی سەپاندنی ئارامی دەدا بەشێوازێکی توندو تیژ. ئەگەر سەیری وتارەکەی بکەین،تێبینی ئەوە دەکەین زۆر وریابووە لە دارشتنی وتارەکەیدا، وتارەکەی دابەشکردووە بۆ چەند برگەیەك ، هەربڕگەیەکی وا هەست دەکەیت وتارێکی سەربەخۆیە.گەورەترین جیاوازی نێوان ئەم وتارەو وتارەکانی پێش خۆی (لەسەردەمی ئیسلام دا) ئەوەبوو، ئەم وتارە بەهیچ شێوەیەك لەدەرگای ئاین و ڕێساو یاساکانی نەداوە. بەڵکو وتارەکەی پەیوەست بووە بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کێشەو گرفتەکانی ئەو سەردەمە،وتارەکەی دەڵێی سەپاندنی حوکمێکی عورفی یەو وڵات ڕوبەڕوی باردۆخێکی سەختی لەناکاو بوەتەوە.ئەم وتارەی لەژینگەیەکی شارستانی وکۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزدا پێشکەش کرد،لەکاتێکدابوو موعاویە ئەمی کردە والی بەصرە،وتارەکەی پەیوەندی بەبارۆخی بەصرەوە هەبوو،کە لەگوێڕایەڵی ئومەوی یەکان دەرچوبوون،کەسانی لادەریان زۆربوو،دزی و ئازاردانی هەژاران و لاوازان زۆربوبوو، وتارەکەی بەم شێوازە دەست پێکرد:(دوای ئەوە، نەزانی دەبەنگانەو گومڕایی کوێرانە، زیادەڕەوی یەك کە خاوەنەکەی دەباتە ئاگرەوە، بچوکەکانتان خوی پێوەگرتووەو گەورەکانتان خۆی لێنادات،دەڵێی کتێبی خواتان نەدیوەو نەتان خوێندوەتەوە......)(ابن الاثیر،١٩٩٧،ج٣،ص٤٥)، لەم وتارەیدا پێویستی کۆمەڵگای بەصرەو لادان لە ئاین و سەرەڕۆیی دانیشتوانەکەی خستە پێش چاو، پاشان ئاماژەی بەو سیاسەتە کرد کە لەمەودوا کاری پێدەکات، نەرم دەبێت لەگەڵیان بەڵام لاواز نابێت، توند دەبێت بەڵام ستەمکارنابێت.

وتاری ئومەوی بە زۆری سیاسی بوو،مەبەستی سەرەکیشی جێگیرکردنی دەسەڵاتی ئومەوی بوو، بە هەمان شێوەی ئومەوی یەکان هەموو لایەن و گروپێکی نەیاریان وتاربێژی تایبەت بەخۆیان هەبووە،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەسەردەمی ئومەویدا وتاربێژی سیاسی فراوان بێت و گەشە بکات(احلام،٢٠١١،ص١٥).زۆرێك لەمێژوونوسانی وەك الطبری و ابن الاثیر و ....هتد بیرو بۆچوونە جیاوازەکانی ئەم ڕەوتانەیان بەشێوازی وتار بۆ تۆمارکردووین ،مێژوونوسان نالێن گێڕانەوەوبەسەرهاتی فلان بەڵکو دەڵێن وتاری فلان(احمد،٢٠٠٦،ص١٠٤). گروپی نەیارانی فەرمانڕەوای بنەماڵەی ئومەوی (خەواریج و شیعەو زوبێری ...هتد) هەریەك لەمانە وتاری تایبەت بەخۆی هەبوو وەك هۆکارێك بۆ ڕەخنەگرتن لە بەرامبەرەکەی و ڕونکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی خۆی و ڕاکێشانی ڕاو بۆچونی خەڵك بەئاراستەی بەرنامەکانی خۆیان و هاندانیان دژی بنەماڵەی ئومەوی،هەروەك چۆن ژمارەیەکی زۆر یاخی بونیان دژی بنەماڵەی ئومەوی دروست کرد،بەنمونە وەك عبدالرحمن ی کوڕی ئەشعەس لە عیراق و ئیران سەریهەڵ دا، شۆڕشی عبداللە ی کوڕی زوبێر لە حیجاز سەریهەڵداو خەڵکی میصرو عیراق شوێنی کەوتن و زۆری نەمابوو کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنی ئومەیە بێنێت، ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە وتار دەبەست و خەڵکیان هان دەدا دژی دەسەڵاتی ئومەوی(ضیف،١٩٨٣،ص٦٤).

خەواریـج و شیعە دوو پێکهاتەی سەرەکی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی بوون،هەریەکە لەمانە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر ژیان و ئەدەبی ئومەوی.ئەمانە خەڵکیان هان دەدا دژی ئومەوی یەکان و هەوڵیان دەدا پشتیوانی خەڵکی بەدەست بێنن، لەدیارترین وتاربێژانی خەواریـج ،قطری بن الفجاءة و ابو حمزة الشاری بوون لە مەکەو مەدینە ، قطری یەکێك بوو لەگەورەکانی خەواریـج، بەزیرەکی و ڕازیکردنی بەرانبەر ناوبانگی دەرکردبوو، بەباشی لەقورئان تێدەگەشت و کاریگەری زۆربوو لەسەری ، لە وتارێکیدا سوپاس و ستایشی خوای کردو پاشان ووتی :ئاگادارتان دەکەمەوە لە دونیا، شیرین و سەوزە، بە ئارەزوو دەورەدراوە، چاوەڕوانی یەکی کەمە، بەپەرۆشن بۆی، هیواتان لەسەر هەڵچنیوە، ڕازاوەو فریودەرە، نارەحەتی یەکانی کۆتایی نایەو پێی سەرسام مەبن، درۆزن و خەڵەتێنەرە،بەربەستێکی گەورەو بیسنورە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقْتَدِرًا) (الکهف:٤٥) .( ژیانی دونیا وەك ئەو بارانە وایە کەلە ئاسمانەوە دەیبارێنین و ڕوەکی زەوی بەهۆیەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەیەکدا دێن، لەدوای ماوەیەکی کەم (هەموو ئەو ڕوەك و گژوگیایە) دەبێتە پوش و پەڵاشێکی ووردو خاش ، ڕەشەبا بەملاولادا بڵاوی دەکاتەوە). هۆکاری ئەم وتارە پەیوەستە بەشەڕی توندی نیوان خەواریـج و ئومەوی یەکانەوە، قطری شوێن کەوتوەکانی هان دەدات بۆ بەشداری شەڕو پشتکردن لەژیانی دونیاوبەرگریکردن لەبنەماوپرنسیپەکانی خەواریج(الاندلسی، ١٩٩٤،ص،٢٢٥).

شیعەکان ( پشتیوانانی ئیمامی عەلی) لە وتارەکانیان دا بنەماڵەی ئومەوی یەکانیان بە ستەمکار وەسف دەکرد لە فەرمانڕەواییدا،بەتایبەتی یەزیدی کوڕی موعاویە، پێ یان وابو سنورەکانی ئیسلامی بەزاندووە وکار بەبەرنامەی خوا ناکات ، ئەمانە پێ یان وابوو بنەماڵەی بەنو ئومەییە دەسەڵاتی خیلافەیان لە خاوەنە ئەسڵی یەکەی زەوت کردووە کە نەوەی پێغەمبەرن (ﷺ) و هەڵگری پەیامەکە بوون،لەدیارترینی شیعەکانیش موختاری سەقەفی (المختار الثقفی ) بوو. کە یەکێك بووە لە وتاربێژانی شیعە و هەوڵی داوە بگاتە دەسەڵات بە هەرنرخێك بێت، خەڵکی هانداوە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشکردن دژی ئومەوی یەکان(القیروانی،ب.س،ص٥٧)،کاتێك ڕۆشت بۆ کوفە هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ گەشتن بە دەسەڵات، ئەوەشی لەناخیدابوو بەئاشکرا دەریدەبڕی دژی دەسەڵاتی ئومەوی، موختار کەسایەتیەکی سیاسی خاوەن هزربوو، ئەمەش لە دروشمەکەیدا دەردەکەوێت ( یا لثارات الحسین)( ئەی ئەوانەی بەدوای تۆڵەی حسینەوەن) ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیرمەندێکی سیاسی بووە، لەیەکەم وتاری دا لە کوفە ووتی:(سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەبەڵێنی بە خۆشەویسانی داوە سەریان بخات،ودوژمنانیشیان شکست پیبهێنیت، ئەم بەڵێنەش تاکۆتایی دونیا بەردەوامە، ئەوانەشی کە بوهتانیان کردووەو قسەیان هەڵبەستووە ڕەنجەڕۆ دەبن، ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێمە ئاڵایەکمان درابێتە دەست و ئامانجێکمان بۆ دیاریکرابێت، بۆ ئەوەیە کە ئاڵاکە بەرزراگرین و بەمەبەستەکە بگەین و دەستی لێهەڵنەگرین، ئیمەش بانگەوازی بانگەوازکارانمان بیست) ، هەر لەناو ئەم وتارەدا بنەماو پرەنسیبەکانی جوڵانەوە سیاسی یەکەی ڕونکردەوەو بەم برگەیە کۆتایی بە وتارەکەی هێنا، (سوێند بەو خوایەی کە ئاسمانی وەك سەقفێکی پارێزەرداناوەو زەویشی گێڕاوە بە ڕاستەڕێ یەك و چەند ڕێچکەیەك ، بەیعەتتان بەکەس نەداوە لەمە باشتر مەگەر ئەو بەیعەتە نەبێت کەبە عەلی کوڕی ئەبو تالبتان داوە(البلاذری،١٩٩٦،ج٦،ص٣٩٤). لەم وتارەدا هەست بەوە دەکەین کەڕێگەیەکی ووردوگونجاو لەنێوان هۆکارو ئامانجەکاندا گیراوەتەبەر و لایەنەکانی دورو نزیك لەبەرچاو گیراوە، هەروەها باسی لە پشتیوانی هاووڵاتیان و دەوڵەت کردووە، لەکۆتایی وتارەکەیدا ئاماژەی بەگرنگی ئەم بەڵێن دانەکردووەبۆ خەڵکی کوفە.

بیروە" بۆچونی جیاوازی نێوان لایەن و دەستە جیاوازەکانی نێو دەسەڵاتی ئومەوی سەری کێشا بۆ ململانێی توندو دواتر شەڕی لێکەوتەوە ، پاشان وتاری جەنگی هاتە کایەوە ،هەمیشە شمشێر بۆلێدان و هێزو شەڕ بەکارهاتووە و وتار ئاگری شەڕەکەی هەڵگیرساندووە ، زۆرێك لەسەرکردەکان پەنا بۆ وتاردەبەن بۆ جۆشدانی هەستی سەربازەکانیان ، بەم شێوازە وورەی سەربازەکانیان بەرزدەکردەوە ، باشتر وابوو سەرکردەکان ووتەی کورت و ڕستەی بەهێزو پەنابردن بۆ خەیاڵی پەخشان ئامێزو شانازی و دەسکەوتەکانی ڕابردوو ئومێد بۆ ئێستاو ئاواتی سەرکەوتن لە داهاتوودا بدەن بەگوێی سەربازەکاندا، دەبوایە دوربکەوتنایەتنەوە لەباسی دۆڕان و تێکشکان(احمد،٢٠٠٦،ص١٠٣). لەنمونەی ئەم وتارانەش وتارەکەی هانی کوڕی قەبیسەی شەیبانی بوو،لەڕوداوی زیقاردا هانی گەلەکەیدا بۆ سوارچاکی و تێکۆشان و دەیووت:(ئەی بەنی بەکر لەناوچونی بەهانەدار باشترە لە ڕزگاربووی هەڵهاتوو.ترسان ڕزگارتان ناکات لەقەدەر، ئارام گرتن یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن،پێشوازی لەمردن باشترە لەهەڵهاتن لێی)(العسکری،١٤٠٨ك،ص٤٢٨).

## وتاری ئاینی:

مەبەستمان لەوجۆرە وتارەیە کەبانگەواز بۆ ئاین و بنەماکانی دەکات بەتەواوی، وەك فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپەو ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژ و حەج و خوێندنی قورئان و ئاشتەوای نێوان ناکۆکەکان و بیرخستنەوەی مردن و ڕۆژی دوایی،ئیسلام گرنگی یەکی زۆری بە وتار داوە،کردویەتی بە پایەیەکی سەرەکی لە نوێژی هەینیدا و پاداشتێکی زۆری بۆ داناوە، بۆ ئەوەی یەکریزی بخاتە نیوان مسوڵمانانەوەو هەفتانە کۆیان بکاتەوە و خێرو چاکەیان بیر بخاتەوەو لە شەڕو خراپەش ئاگاداریان بکاتەوە،لەسەر مسوڵمانان پێویستە لە وتارەکانی نوێژی هەینی و جەژنەکان دا ئامادەبن.خەلیفەو کاربەدەستانیش ئامادە دەبون، ئەم وتارانە زیاترباسی وازهێنان لە خۆشی یەکانی دونیاو پەیوەست بوون بە ڕۆژی دوایی دەکرد،باشترین وتاربێژیش لەم ڕووەوەعومەری کوڕی عبدالعزیزبوو(ضیف،١٩٨٣،ص٧٣).جگە لە هەینیش لە نویژەکانی ڕۆژگیران و مانگ گیران دا وتار هەیە، وتا ری ئاینی بەشێکی گرنگی ڕێوڕەسمی حەج پێك دێنێت،مسوڵمانان نوێژی نیوەڕۆو عەسر کورت دەکەنەوەو گوێ لە وتاری حەج دەگرن لە( عەرەفە) هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) لە حەجی ماڵئاوایی دا ئەم کارەی کرد ، خەلیفەکانی ڕاشیدین و کاربەدەستانی دوای ئەوانیش پابەند بون و بەردەوامیان بەم وتارە داوە. (ضیف:١٩٦٣،ص١٠٦)

ئیسلام وتاری وەك چارەسەر داناوە بۆ مرۆڤایەتی بەهۆی لاوازیان بەرانبەر لایەنی ماددی ، ئەو بابەتانەی کە وتاری ئاینی پێکدەهینا لەم سەردەمەدا بریتی بوون لە: ئامۆژگاری ئاینی ، چیرۆکی ئاینی ، دیبەیت و ڕوبەڕو بونەوەی ئاینی کەتێیدا هەوڵی نزیك بونەوەو لێك تێگەشتنی نێوان گروپە ئاینی یە جیاوازەکانی دەدا(ضاعن،٢٠١٦،ص٣٨) .

## وتاری کۆمەڵایەتی :

ئەم جۆرە وتارە لە شوێنەگشتی یەکاندا پیشکەش دەکرا لەکاتی بۆنەو ئاهەنگەکان و کۆڕ و کۆبونەوەی خەلیفەو والی و کاربەدەستان دا ، بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری و کێشەو پێداویستی یەکانی خەڵکی بەکاربەدەستان،ناوەڕۆکی ئەم وتارانە جیاوازبوون،بەپێی بارودۆخ و بۆنەکان ناوەڕۆکەکانیان دەگۆڕا بۆیە دەکریت وتاری کۆمەڵایەتی بکەین بەچەند بە شێکەوە لەوانە :

## وتاری کۆڕو شاندەکان:

ئەم جۆرە وتارە لەبۆنە ئەدەبی یەکاندا پێشکەش دەکرا، وتاربێژان لەویدا باسی بارو دۆخ و ژیانی خەڵکیان دەکرد ، یان وەسف و سەنای فەرمانڕەوایان دەکرد بەمەبەستی بەرزبونەوەی پێگەی خۆیان یان بەدەستهێنانی بڕێك خەڵات و دیاری، وتاربێژانی ئومەوی زۆرلێهاتووبون لەگەیاندنی پەیامی پرسەو پیرۆزبایی،گلەیی و گازندە، دۆخی خراپ و بارگرانی خەڵك، چەندین ڕێگەی نوێ و سەرنجراکێشیان بەکاردەهێنا ، بەتوانا بون لەجوڵانی سۆزو بەزەیی خەلیفەو کاربەدەستاندا، وتاربێژانی ئەم بوارە هەوڵیان دەدا بەزمانێکی پاراوو پلەیەکی باڵا لەڕەوانبێژی

وتارەکانیان پێشکەش بکەن،گرنگی یەکی زۆریان بە (السجع، سەروادار) دەدا.زیادە ڕەویان دەکرد لە جوانکاریدا ( تأنق) ، بەهێواشی و وورده وورده لەگەڵ دۆخەکەدا دەڕۆشتن و پەیامەکەشیان دەگەیاند، بەتایبەتی لەکۆتایی یەکانی دەسەڵاتی ئومەوی و سەرەتای عەباسی دا (القیروانی، ب.س، ص٨٨.)، لەبەناوبانگترین وتارخوێنی ئەم بوارەش ئەحنەفی کوڕی قەیس بوو. وتاربێژانی ئەم بوارە ئاماژەیان دەدا بە پەرۆشیان بۆ شەهیدان و وەسفی قارەمانان و خانەدانەکان و پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانیان دەکرد. لەنمونەی ئەم وتارانەش وتارەکەی ئەحنەفی کوڕی قەیسە کەلەگەڵ شاندی بەصرەدا سەردانی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانیان کرد، ئەحنەف هەستاو ووتی: (ئەی گەورەی باوەڕداران ، خەڵکی بەصرە ژمارەیەکی کەم و داماوو هەژارن، ئێسکێکی شکاون ،بەردەوام بێبارانی و ووشکە ساڵی یە ، بوغزو بەدکاری لەنێوانیاندا زۆرە،دەوڵەمەندەکان خۆیان بێدەنگ و سەرشۆڕ کردووە،هەژارو کەم دەسەکانیش خەریکی ماستاوکردنن،ئەگەر گەورەی باوەڕداران بتوانێ شکاوەکانیان بپێچێت،یارمەتی هەژاران بدات،لە دوزمانی و قسەوقسەڵۆکەکانیان خۆش ببێت، چارەسەری ووشکەساڵی بکات، دەردەکان ئاشکرا بکات و چارەسەریان بکات،بزانە گەورەی گەل دەبێت کۆمەڵێ سیفەتی هەبێت لەخەڵکی ئاسایی دا نیە، سفرەو خوانی بۆهەموانە نەك بۆ کەسانی تایبەت،ئەگەرباشیان کرد لەگەڵیدا سوپاسیان دەکات،ئەگەر خراپەشیان کرد دەیان بورێت،دەبێت کۆڵەکەیەك بێت بۆژێردەسەکانی،بەڵای زەوی و ئاسمانی یان لەسەر لابات،موعاویە ووتی لێرەدا بوەستە ئەی باوکی دەریا(ابا بحر) )(ابن عساکر،١٩٩٥،ص٢٢٣) پاشان ئایەتی: ( وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ )(محمد:٣٠)ی خوێند (واتە هەر بە ئاوازی دەنگەکەیان دا دەزانێ چی یان دەوێت)

## وتاری پرسە :

ئەم جۆرە وتارانە زۆربەی جار لەسەر گۆڕستان و لەکاتی ناشتنی مردوو، یان لە کۆڕو کۆبونەوەی پرسە دا پێکەش دەکرا. بەشێوەیەکی گشتی ئەم وتارانە بۆ سوك کردنی باری سەرشانی خاوەن پرسەکان بوو کە دەیانویست لەرێ یەوە هاو سۆزی و هاوخەمی خۆیان و خەڵکەکە بگەیەنن بە خاوەن پرسەکە لەرێگەی باسکردنی چاکە و باشی یەکانی مردووەکەوە .وتار بێژ لەم جۆرە وتارەدا ئاماژە بە نارەحەتی مردن و دابڕان دەکات ، داوای ئارامی و لەسەرخۆیی یان بۆ دەکات، لەخوا دەپاڕێتەوە کۆچکردوو بەبەهەشت شادبکات(صفوت،ب.س،ج٢،ص٣٦٣).

## هۆکارەکانی گەشەسەندنی وتاری ئومەوی

*بونی فیتنەو ئاژاوە: سەرەتای ئومەوی بەهۆی فیتنەی شەهیدبونی عوسمانە(خوا لێی ڕازی بێت) وە سەری هەڵدا و پاش مردنی موعاویەو دانانی یەزید مسوڵمانان دابەش بوون بۆ گروپەکانی شیعەو خەواریج و ئومەوی زوبێری ، هەمویان خەڵکی یان بۆ بیرو بۆچونەکانی خۆیان بانگ دەکرد.( بوبلوطة،٢٠١٧-٢٠١٨،ص١٦).

*سیاسی:خەلیفەکان و والی یەکان زۆرپێویستی یان بە ڕونکردنەوەی سیاسەتیان هەبوو بۆ ڕازیکردنی شوێنکەوتوانیان، خەڵکی هەمیشە دودڵ و ڕاڕا بوون ، بۆیە کاربەدەستان هەوڵیان دەدا دادپەروەری و چاکەکاری یەکانیان بەرانبەر خەڵکی باس بکەن. (بحار،٢٠١١-٢٠١٢،ص٤٦)

*فتوحاتی ئیسلامی: پێش دەسەڵاتی ئومەوی فتوحاتی ئیسلامی وەستابوو ،بەڵام لەم سەردەمەدا دەستی پێکردەو هوچەند ناوچەیەکی زۆریان فەتح کرد وەك باکوری ئەفریقاو باشوری ئەفریقاو ئەندەلوس و .... هتد ،شەڕو فراوانخوازی ڕونە کە پێویستی بە وتارو ڕونکردنەوە هەیە. (الحوفی،٢٠١٦-٢٠١٧،ص٢١٣)

*شاند(الوفد):ژمارەیەکی زۆر لە وەفدەکان سەردانی خەلیفەیان دەکرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی سکاڵا،یان پشتیوانی،یان گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتن. (بوبلوطة،٢٠١٧-٢٠١٨،ص١٦)

*سوپاس و پیرۆزبایی وسەرەخۆشی:زۆرێك لەوتاربێژان وەسفی خەلیفەیان دەکرد، پیرۆزباییان لەوالیەکان دەکرد،یان پرسەیان ئاراستە دەکردبە بۆنەی لەدەست دانی ئازیزێکیانەوە،یان پیرۆزبایی و سەرەخۆشی لەیەك کات دا ئەوکاتەی کە خەلیفە دەمردو کوڕەکەی شوێنی دەکرتەوە. (شلبی،١٩٨١،ص٢١٢)

*ئامۆژگاری ئاینی:بانگەواز بۆ ئاین و پابەند بوون پێ یەوەو گفتو گۆی نێوان گروپە ئاینی یەکان(بحار،٢٠١٢،ص٤٧).

*زمان پاراوی عەرەب لەم سەردەمەدا: بەهۆی نزیکیان لەسەردەمی نەفامی و سودوەرگرتن لە ڕەوانبێژی قورئانی پیرۆز،وتاری عەرەبی لەم سەردەمەدا خاوەنی دووسەرچاوەی بەهێزی زمانەوانی بوو. (بحار،٢٠١١-٢٠١٢،ص٤٧)

*ئازادی ڕا دەربڕین:وتارەهمان ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئەمرۆی دەگەیاند، ئازادی بەشێك بووە لەسروشتی عەرەب و بەئازادی بەرانبەر بە خەلیفەو والی و کاربەدەستان قسەیان کردووە بەبێ ترس.ئەمەش بەڕونی لە وتارێکی ڕۆژی هەینی موعاویەدا بەدەر دەکەوێت، کاتێك وتاری دەخوێندەوە ووتی: ماڵ ودەسکەوت هی ئێمەیە بەکێمان بوێ دەیدەین و کێشمان بوێت بێبەشی دەکەین،پیاوێك هەستاوەو ووتی نەخێر وانیە، ماڵ و دەسکەوت هی ئێمەیە، ئەگەر بەو شێوەیە مامەڵەی پێوە بکەیت، ئەوا شمشێرەکانمان لە نێوانماندا حوکم دەکات، پاشان موعایە دوای نوێژ بانگی کردو خەڵاتی کرد. (البغوی،٢٠٠٠ ،ج٥ ،ص٣٧٤)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام

*وتار مێژوویەکی دورو درێژی هەیە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش نوسین
*یۆنانی یەکان یەکەمین کەسانێك بوون بایەخیان بە وتار داوە.
*بەهۆی ناسکی و گونجاوی زمانەکەیانەوە، وتار لای عەرەب پێگەیەکی مەزنی هەبووە.
* بەهاتنی ئیسلام وتار لای عەرەب زیاتر گەشەی کردووە،
* بەهۆی ئەو بارو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەی سەردەمی ئومەوی یەوە ،وتار گەشتە لوتکەو سەردەمەکەش بەسەردەمی زێرینی وتار دادەنرێت.

## لیستی سەرچاوەکان


**١ -القران الكريم**
٢- الاندلسی، ابی عمر احمد بن محمد بن عبد ربه (ت ٣٢٨ك)،(١٩٩٤)،العقد الفريد،ط١ ،تحقيق ، احمد امين ، احمد الزين ، و ابراهيم الابيارى ، ج٤،القاهرة ، مصر .
٣-ابراهيم انيس و اخرون،( ٢٠٠٤) المعجم الوسيط ، ط٤، مكتبة الشرق الدولية ،مصر ،
٤-ابن الأثير ، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الدين (ت ٦٣٠هـ)،(١٩٩٧)،الكامل في التاريخ, ط١،تحقيق، عمر عبد السلام تدمري, ج٣،دار الكتاب العربي، بيروت ، لبنان.
٥-ابن سينا، حسين عبدالله (ت ٤٢٨هـ )،( ١٩٥٨)،الشفاء، ط٢،تحقيق،احمد فوئاد الاهوانى،الاميرية، القاهرة ،مصر.
٦-ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف (ت ٥٧١هـ)،(١٩٩٥)، تاريخ دمشق، ب،ط,المحقق، عمرو بن غرامة العمروي ، ج,٦٢دار الفكر ،دمشق،سوريا.
٧-ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل جمال الدين (ت ٧١١هـ)،(١٤١٤ك)، لسان العرب ،ط٣،بيروت،لبنان.
٨-احمد، عبدالرحمن،(٢٠٠٦)،البيان الزاهرالى فرسان المنابر، ط٢،مركزالسعيد،حمص،سوريا.
٩-البغوي ,أبو القاسم عبد الله بن محمد بن عبد العزيز بن المرزبان بن سابور بن شاهنشاه (٣١٧ك),(٢٠٠٠),معجم الصحابة، ط١،المحقق،محمد الأمين بن محمدالجكني، ج,٥دارالبيان ،الكويت.
١٠-البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت ٢٧٩ك)،(١٩٩٦)،جمل من أنساب الأشراف، ط١،سهيل زكار ورياض الزركلي، ج٦،دار الفكر،بيروت.
١١-الجاحظ، ابى عثمان عمرو بن بحر (٢٥٥هـ)،( ١٩٩٨ ) ،البيان والتبين، ط٧،تحقيق وشرح عبدالسلام محمد هارون، دارالخانجى ،القاهرة،مصر.
١٢-الحوفى ،احمد (ب.س )،فن الخطابة ،نهضة ، ب.ط ،القاهرة ، مصر.
١٣-الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (ت ٧٤٨ ك)،(١٩٨٥)،سير أعلام النبلاء، ط٣، مؤسسةالرسالة ،بيروت ،لبنان.
١٤-الزمخشرى ،ابى قاسم جارالله محمود بن عمر بن احمد (ت ٥٣٨ هـ) ،(١٩٩٨)، اساس البلاغة، ط١،تحقيق محمد باسلعيون،السود،دارالكتب العلمية،بيروت،لبنان.
١٥-العسكري ،أبو هلال الحسن بن عبد الله بن سهل بن سعيد بن يحيى بن مهران (ت ٣٩٥ك)،(١٤٠٨ك)، الأوائل، ط١،دارالبشير، طنطا،مصر.
١٦-الفاخورى، حنا: الجامع فى التاريخ العربى ، الادب القديم ، ،ط١، دارالجبل ، بيروت ،لبنان ،١٩٨٦.
١٧-القيرواني ،أبو إسحاق إبراهيم بن علي الحصري (ت٤٥٣ك) ،ب،س، زهر الآداب وثمر الألباب ، ط٤, مفصل بقلم الدكتور زكي مبارك, ج١،دار الجيل، بيروت، لبنان.
١٨-النص، احسان ،( ١٩٦٥ ) ،الخطابة السياسية فى عصر بنى امية ، بەبێ ژمارەی چاپ ،دارالفكر ،دمشق .
١٩-امين، احمد،(٢٠١١)،فجرالاسلام ،،ط٢،مؤسسة هنداوى،القاهرة،مصر
٢٠-بوقرة ،نعمان،(٢٠٠٩)، المصطلحات الاساسية فى لسانيات النص و تحليل الخطاب،ط١،عمان.
٢١-بن رشد، ابو الوليد (٥٩٥هـ) ،(١٩٦٧ )،تلخيص الخطابة،ج١،تحقيق وشرح حد سليم سالم،القاهرة،مصر.
٢٢-حسين ،طه و اخرون ،(٢٠١٦)، التوجيه الادبى،ط١، بيروت،لبنان.
٢٣-ديورانت، ويليام جيمس (ت ١٩٨١) ،(١٩٨٨)،قصةالحضارة، و، د.زكى نجيب محمود واخرون، ط١،دار الجبل ،بيروت"لبنان.
٢٤-شلبى ،عبدالجليل عبده،(١٩٨١)،الخطابة و اعداد الخطيب.ج١،دار الشروق، القاهره ، مصر.
٢٥-شوقى ضيف : تاريخ الادب العربى،ج٢(العصر الاسلامى) ،ط٧، دار المعارف ، مصر ، القاهره،١٩٦٣.
٢٦-صفوت, أحمد زكي,( ب.س),جمهرة خطب العرب في عصور العربية الزاهرة،ط١، ج,٢المكتبة العلمية، بيروت،لبنان.
٢٧-ضيف ،شوقى،(١٩٨٣)، الفن و مذاهبه ،ط١٠،دارالمعارف ، القاهرة.
٢٨-طارق محمد السويدان،فن الالقاء الرائع،ط٣، ٢٠٠٤.
٢٩-طاليس ،ارسطو،(١٩٨٠)،الخطابة،و،عبدالرحمن البدوى، ب.ط،دارالرشيد،بغداد.
٣٠-عكاشة ،محمود،( ٢٠٠٥)،لغة الخطاب السياسى ،ط١، دارنشر للجامعات ، القاهرة،مصر.
٣١-فياض ،نقولا ،(٢٠١٢)، الخطابة ، ب.ط، مؤسسة هنداوى ، القاهرة،مصر .
٣٢-محفوظ، على( ١٩٨٤)، فن الخطابة و اعداد الخطيب ، ب.ط ،دار الاعتصام ،مصر.

٣٣-محمد، اسماعيل على،(٢٠١٦)،فن الخطابة ومهارات الخطيب،ط٥ ،قاهرة، مصر.
٣٤-نواب الدين ،عبدالرب،(١٩٩٢)، الدراسة النظرية للخطابة ، ط١، دارالعاصمة ،الرياض، السعودية.

**نامه زانستی یه‌كان**

٣٥-ابا علال ،مولود، (٢٠٢٠-٢٠٢١)، الخطابة السياسية فى القرنين الاول والثانى الهجريين –مقاربة تداولية- (اطروحة دكتورا) ،جامعة احمد دراية ادرار ،الجزائر.
٣٦- ابا علال، مولود،(٢٠١٦-٢٠١٧)، اللسانيات التداولية و نظام الخطابة، (رسالة ماجستير) ،جامعة جيلالى ليابس، سيدى بلعباس، جه‌زائير .
٣٧- احلام ،عوان،( ٢٠١٠-٢٠١١)،فن الخطابة السياسية فى العصر الاموى، (رسالة ماجستير) ،جامعة العربى بن مهيدى، ام البواق، جه‌زائير.
٣٨-الخوالدة ،محمد احمد ضاعن ،(٢٠١٥-٢٠١٦)، تطور الخطابة فى ظل التنافس السياسى فى العصر الاموى ، (رسالة ماجستير) ،جامعة فيلادلفيا ، عمان ، الاردن.
٣٩-العزام ،طارق محمد فضله، (٢٠٠٢)،الخطاب الاموى (٤٠-١٣٢/٦٦٠-٧٥٠ز) ( اطروحة دكتورا ) ،جامعة الاردنية ،عمان ،الاردن
٤٠- المرى، عبدالله على جابر،(٢٠١١-٢٠١٢ )، الخطابة عند الفاروق ،رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط .
٤١- بحار, سمية, (٢٠١١-٢٠١٢),اسلوبية الالتفات فى الخطابة الاموية ( الخطبة البتراء لزياد بن ابيه أنموذجا، (رسالة ماجستير) ،جامعة بن مهيدى،ام البواقي ، الجزائر.
٤٢-بوبلوطة ,حسين,( ٢٠١٧-٢٠١٨).الخطابة العربية فى العصر الاموى بين المقصدية والتاويل مقاربة تداولية ، اطروحة دكتورا، جامعة الحاج لخضرباتنة، الجزائر.
٤٣- خان ،فوزية عباس،( ١٩٨١) ، الخطابة فى العصر الاسلامى (رسالة ماجستير) ،جامعة ،ام القرى ، مكةالمكرمة، السعودية .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360